## هاکەرزەکان و ئەنفلۆنزای باڵندە! ... هەردەوان نەقشبەندی

ئەنفلۆنزی باڵندە ئێستا باسێکە کە رۆژانە لەمیدیاکانی جیهان و دەزگا ڕاگەیاندنە کوردییەکان بەتایبەتی باس لە مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیە دەکرێت، هەرچەند نەخۆشی ئەنفلۆنزای باڵندە ومەترسییەکانی هیچ پەیوەندی بە بابەتەکەمەوە نیە بەڵام ئەوەی گرنگە بەلای منەوە ئەوەیە کە ئێوەی ئازیز ئاگادار بکەینەوە کە ئەم بۆنانە باشترین فرسەتن بۆ ئەوانەی ڤایرۆس دروست دەکەن، ئەوەتا هەندێك لە دەستە پزیشکییەکان رایانگەیاند کە هەندێك بانگەشەکەر لە رێگەی تۆری ئینتەرنێتەوە ژیانی خەڵکیان خستۆتە مەترسییەوە، لە رێگەی ئەو پرۆسەیەی کە خەڵك ئاگاداردەکەنەوە بۆ کرینی دەرمانی "Tami flu" کە بەرەنگاری نەخۆشیی ئەنفلۆنزای باڵندە دەبێتەوە، و چەند نوێنەرێکی کۆمپانیای رۆکی "rocky" کە کۆمپانیایەکی پیشەسازیی سویسرییە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە دەرمانە رایگەیاند کە ئەو فرۆشیارانەی لەرێگەی ئینتەرنێتەوە بانگەشە بۆ "Tami flu" دەکەن، لەراستیدا فرۆشیاری دەرمانێکی ساختە و لاسایی کەرەوەن. ئەم بانگەشە کردنەش لە رێگەی ناردنی نامەیەکی ئەلیکترۆنی دەبێت بۆ خەڵکی ئاسایی و نامەکەش تیایدا نووسراوە "خۆت و خیزانەکەت بپارێزە لە ئەنفلۆنزای باڵندە" و داواش لە وەرگرانی نامەکەش دەکات کە دەرمانەکە بکڕن لە رێگەی سایتێکی تۆری ئینتەرنێتەوە، کە چەندان دەرمانی ساختەی تری وەکو ڤیاگراش دەفرۆشێت، جا بۆیە ئەو دەستە پزیشکییە خەڵکیان ئاگادار کردۆتەوە کە دەرمانەکە لە رێگەی پزیشکی پسپۆرەوە بکڕن نەك لە رێگەی سایتەکانی ئینتەرنێتەوە. لەهەمان کاتدا باندێکی تریش لە ئوسترالیا هەڵساون بە بلاوکردنەوەی ڤایرۆسێك بە ناوی "نافیا- ئای" ئەمەش لە رێگەی ناردنی نامەیەکی ئەلکترۆنی کە داوا لە وەرگری نامەکە دەکات بۆ زانیاری وەرگرتن دەربارەی نەخوشیی ئەنفلۆنزای باڵندە فایلێك کە هاوپێچی نامەکەیە بخوێنێتەوە، کەڤایرۆسەکەی تیادایە و دادەبەزێتە سەر کۆمپیوتەرەکە و هەڵدەستێت بەلابردنی هەندێك پرۆگرامی پارێزەری کۆمپیوتەرەکە و دروست کردنی پرۆگرامێك کە رێگە دەدات بە باندەکە دەست بگرن بەسەر کۆمپیوتەرە تووشبووەکە و کاری لەسەر بکەن.

hardawan@gmail. com

Hardawan Naqshbandy
Kurdistan-Hawler
Web Site: http://it4kurd. tripod. com/
Mobile: 00964 750 4461340